# وەچەکانی مەلیك!..

ئەرسەلان مەحمود

Amk974@yahoo.com

مەرگی دوعا..ڕووتبوونەوەی مرۆڤبوو لەوجودی خۆی.. هەڵوەرینی دوعاو فریشتەکانی ئەرزو ئاسمان بوو لە گەورەیی خوا.. تائیرە، دواهەمین سوتانی بەهاربوو بەدەست وەچەکانی مەلیکەوە!..وای..لەدوعا..ئاه..لەکوێبوو ویژدان!..تف،هەزاران هەزار جار تف لەخۆمان !..



گەلۆ هاوار.. بڵێی ئێمە مەخلوقی چ زەمان و چ زەمین و چ وەرزێکبین !؟..چ تێکەڵەیەك لە مێگەل وگۆلاوەجێی چ ژینگەیەك بین، چ بەربەری و ژەهری چ سەرچاوەیەکی دیرۆکی کولتوری یان ئینسانی لیخنبین !؟.. دەبێ ڕژابینە کام دەریای وجودی بەشەریەت یان وەحشیەتەوە ؟!..

لەو ڕۆژەوەی دڕندانە بەردبارانی دوعاکرا، لەوساتەوەی بەهاکانی جوانی و ئەوین، وجودیان تێکەڵ بەعورفی جەنگەڵ کرا.. دڕدۆنگی دایپۆشیوم، گومان لە حەرف بەحەرفی دیوی ناوەوەی مەعبەدەکانی ئاسمان و ڕێسمان..

ڕستە بە ڕستەی ئەم دیوو ئەودیوی ئیمان دەکەم، بڕوامپێبکەن، شەرم لەمرۆڤبوونی خۆموو ئێوەو ئەم هەموو جورئەتەی جوبرەئیل دەکەم !.. چۆن دەتوانێ چۆن، تاگیانکێشان، لەبەرامبەر ئەو زوڵمەدا، لەبەردەم ئەو تاوانەدا، وەختێ بەرامبەر پەپولەیەك دەکرێ، خۆی ڕاگرێ ...!!!

سەیرکە چ درۆێکن"دراوسێکەت وەك خۆت خۆشبوێ، براکەت وەك خۆت خۆشبوێ، هاوڕێکەت وەك خۆت خۆشبوێ، منت وەك خۆت خۆشبوێ هەمووشتێك، هەموو مەخلوقێکی ئیلاهیت وەك خۆت خۆشبوێ. خۆشەویستی بکەن بەپیشە، خۆشەویستی ببەشنەوە، میهرەبان و دڵارامبن، فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکەن"ئای لەو گەلەقسە بێناوەرۆکانەی ناوپەرتوکە کۆن و جەمعی پەڕاو و ڕوپاکی ئاینزاکان !..

چیتان فێرکردین، بەکوێیانەوە پەیوەستبووین، درۆمانکرد، ئێمە لە بوونەوەرە هەرە درۆزنەکانی دوا وەچەی مەلیکەین، ئاخر ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەشربوو، کێدەیزانی کەرنەڤاڵی ئەو مەحشەرە لەبەعشیقە ڕێکدەخرێت، کوا بڕیاربوو لەمەوسیمی ئەو وەرزەدا، پەپولەیەك لەخاچ بدرێت !.. ئێوە لەکوێبوون، ڕۆژی سڕینەوەی ڕۆح بوو لەجەستە !..جیا لەپۆلیسە بێچارەکانی مالیك و مەلیکە، کەستانمان بەدینەکرد پیاوەتی خێرو شەڕمان جوێبکاتەوە، ئەمسەرو ئەوسەری نێو گەلە گورگتان بۆگەڕاین، تەنها ئێوە نەبێ هەموومان لەوێبووین، ڕۆحلەبەرێ نەبوو بەردو بلۆکەکانی ناو دەستە ڕەشەکانمان فڕێبداتە، بناغەکانی ئاوادەنی.. ئیدی ئێمە تاوانمانکرد، گوناهمانکردا!.. دەبوو بالۆێزی مەرگ!.. نەنێرنە ئەوشوێنانە، دەبوو دەستی ئەویش نەچێتە گیانکێشانی ئەو پەپولە بێتاوانە، دەبوو خۆتان لەحزوربان.. هەرنەبا دەبوو سوێتان لەگەورەیی خۆتان بووبایەوە!..

ئیتر بۆچی پەرجۆیەك لەهونەری مرۆ سالاری بەڕوی ئەوانەدا ناخولقێنن کە دەستکردەکانی ئێوە دەشێوێنن!.. دەبوودەستە نەگریسەکانی ئیبلیس، ببڕن، دەبوو ڕێگەنەدەن بەرد لەباڵی پەپولە ڕۆحسوکەکانی دۆزراوەی یەکەم هەرێمی ژیان بگرن!..

ئای لە تاریکی ئەو دلانە!.. وای لەنەڕەنەڕی ئەوگورگانە!.. بڵێی ئەوە مەخسرەی چ ڕێسایێك بێت، چ مردنێك بمانکوژێ و چ مەرگێکمان پیشانبدات!... ئاخر ئێمە هەموو هەنگاوێکمان، بۆ وونکردنی جوانی بووە، تەنانەت لە ئەو پەڕی ڕووناکیدا، بۆدیلکردنی پەروانە بووە، لەتێرکردنی غەریزەداو ئایندە یان مانەوەمان لەسەری زەکەرمانەوە دەبینین وشەرەفی شەرمەزاری پیاوەتیمانی بەرەو پێدەدەین، توراسی کۆنە سەردەمێکین، وەکو ژەهر لە پێکی خۆشەویستیدا، وەکوبەراز لەچون و لەهاتندا، گەلەگورگێك لە لەناو مێرگی ئارامیدا!..دەگمەنبوون، ئەوانەی لێوانلێو نەبووین لەلاواندنەوەی دووڕویی و کەممان هەیە دڵی نەبوبێتە بەرمیلە باڕووت و حەشارگەو کوشتارگەی خۆشەویستی و ئەوین!..دەستمان لەخۆشەویستی بەرداوەتەوەو دەستەسڕەکانیشمان، ناوە بەنێوچاوانی شەرمەزاری!..ئەوە دوا حیکمەتی ئێمەیەو بەمەش ئەوین و جوانی و خۆشەویستیمان بۆ هەمیشە دۆڕاند کارخانەیەکی جەهەننەمیمان وەڕێخستووە، دەدەی دوعالەحزور خوا پڕبەگەروت هاواربکەو بۆ ئەبەد تف لەپیاوەتیمانبکە!..زویرمەبە جەننەتی تۆو فریشتە لوت و لێوبڕاو سوتاوەکان، کیژۆڵە هەناسەساردەکان، خانمە دڵگەرم وگەورەکان، جەنگڵستان نییە !..ئەوەی لەتۆش جێدەمێنێ پەیامێکە بۆنی سوتاندنی

**نهێنیەکانی وجودی لێدێت، هەستی بڕانەوەی ڕێواس دەبەخشێ، تامی حەرام هەڵدەکێشی، شەوی یەڵدا، هەموو ژیان و هەموو ئومێد، دادەپۆشێ!..**